Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.19 14:16:43 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# ئازادیی دەربڕین و ئازادیی دوای دەربڕین لە تەرازووی ڕۆشنبیران و دەسەڵاتدا

**بەختیار شاخی**

ڕەنگە لە دوای ڕاپەڕینەوە پرسی ئەو پەیوەندییەی ڕۆشنبیران و دەسەڵات کۆدەکاتەوە یەکێک بووبێت لە گەرمترین بابەتەکانی گفتوگۆی ئەو دوو لایەنەو خاڵی جیاکەرەوەش بووە بۆ هەڵاواردنی ڕۆشنبیرانی بەرگریکار لەکار و چالاکیی دەسەڵات و ئەوانەی بەچاوی چاودێرییەوە دەڕواننە دەسەڵات.
هەڵبەت نە بەرگریکاریی لایەنی یەکەم بەو مانایە دێت کە لایەنی دووەم دژی کاروچالاکیی دەسەڵاتن و نەچاودێریی لایەنی دووەمیش بەو مانایەدێت کە تەنیا ئەوانەی لایەنی یەکەم لایەنگری دەسەڵاتن. تێڕوانینی ڕۆشنبیران بۆ دەسەڵات لەلایەک و تێڕوانینی دەسەڵاتیش بۆ ڕۆشنبیران لەلایەکی دیکەوە پرسێکی ڕۆژانەو زیندووە، بەو واتایەی لە ئەنجامی بزاڤ و جووڵەی بەردەوامی دەسەڵات و وەکو (feed back)ێک بۆ بڕیار و چالاکییەکانی، کاردانەوەو خواستی نوێ لەلایەن هاووڵاتیان بەگشتی و ڕۆشنبیران بەتایبەتی دێتە ئاراوە. ئەوەی تێبینی دەکرێ و لەم چەندساڵەی دواییدا روونتر دەرکەوتووە ئەو (feed back)ەی کە لەلای ڕۆشنبیرانەوە دەردەچێ زیاتر دوو ئاراستە نیشان دەدات، ئاراستەیەک کە پێی وایە هەرچی هەیە لەپێناوی دەسەڵاتدایە و تاک تاکی هاووڵاتیان دەبێ ڕۆڵی سەربازی دەسەڵات بگێڕن و دەسەڵات لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبینن، لەلای ئەوان تەنانەت ئازادییە مەشروعییەکانیش دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدا بەکار ببرێن، واتە لەلای ئەوان دەسەڵات واتای موتڵەقی یاسایەو خوێندنەوەیان بۆ رستەی (یاسا لە سەرووی هەموانە) ئەوەیە کە دەسەڵات لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەو، کەوابێ هەرچی لە دەرەوەی دەسەڵات بێت لە دەرەوەی یاسایە و هەربەو تێڕوانینەش هەر جۆرە ڕەخنەو گلەییەک بەدەرچوون لە یاسا دەزانن و هەوڵ دەدەن بە زمان لووسی و خۆبردنەپێش دەسەڵات لە دژی ڕەخنەگران هان بدەن و لەمەیدان وەدەریان بنێن. هەڵبەت ئەوەی تێبینی دەکرێ زۆربەی زۆری ئەوانە کەسانێکن کە لە ڕاگەیاندنی بەر لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووەو گۆشکراوی پەروەردەو هەڵسوکەوتی ئەوسای دەسەڵاتن و لە (بەڵێ)بەولاوە هیچی دیکەیان وەرنەگرتووەو ئێستاشی لەگەڵدابێت لەسەر هەمان سکە لانسیان وەرگرتووە.
ئاراستەی دووەم لەوانە پێکدێ کە وای دەبینن هاووڵاتیان بابەتی سەرەکی ژینگەی کۆمەڵایەتین و دەسەڵات تەنیا میکانیزمێکە بۆ باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان، لەلای پەیڕەوانی ئەو ئاراستەیە دەسەڵات تا ئەو کاتە مەشروعیەتی دەبێت کە بۆ دابین کردنی مافی هاووڵاتیان لەهەوڵدابێت و چەند لەخواستی هاووڵاتیان دوورکەوێتەوە ئەوەندە مەشروعیەتی خۆی لەدەست دەدات. کەوابێ لای ئەو دەستەیە مەشروعیەتی دەسەڵات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕادەی قبوڵکراوی لەلای هاووڵاتیان هەیە. بەپێی بنەما دیموکراسییەکانیش (کە دیموکراسی وەک چەمک وێردی سەرزمانی هەموومانە بەگرووپی یەکەمیشەوە) دەسەڵات دەبێ زادەی ڕای سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئازادی خەڵک بێت و هەرکاتێ دەسەڵات لەسەرووی بەرژەوەندیی هاووڵاتیانەوە هەنگاوی نا دەبێتە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و دەرچوو لە بنەمای دیموکراسی، لێرەدا هەوادارانی ئاراستەی یەکەم دوای قۆناغی وەگەڕخستنی ڕای هاووڵاتی (هەڵبژاردن) و مەشروعیەت بەخشین بەدەسەڵات، ئیدی پێیان وایە کە دەبێ دەسەڵات بەو شێوەیە کاربکات کە خۆی بەچاکی دەزانێ و ڕۆڵی دەنگی هاووڵاتیان بەکۆتادێ و خودی دەسەڵات بەرنامەدیاری دەکات و کاری بۆ دەکات و گرنگ ئەوەیە ئەو بەرنامەیە چەند خزمەتی سەقامگیربوون و مانەوەی دەسەڵاتەکە دەکات، نەک بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و، ئەوکاتەش دەسەڵات دەتوانێ پێناسی نوێ بە مەشروعیەت و نامەشروعیەت بداتە ڕای هاووڵاتی و لەکوێ ئەو رایە تەبای کاری دەسەڵات بوو مەشروعەو هەرکاتێکیش ناتەبا بێت نامەشروعە. بەو پێیەش لای ئەوان شتێک بەدی ناکرێ کە ناوی ئازادیی دەربڕین بێت (مەگەر لەبەرژەوەندی دەسەڵات و مانەوەی بازاڕی گەرمی ئەو گروپەدابێت کە تەنیا پیاهەڵدانە) وەک ئەوەی بڵێن (نابێ خەڵک بڵێ حکومەت خراپی کرد، کە ئەو جادەیەی دروستکرد بەڵکو تەنیا بۆیان هەیە بڵێن ئەگەر جادەکە لەفلان جێ بوایە باشتر بوو، ئەوەش مانای ڕاستەقینەی ئازادی دەربڕینە و دەبێ سوپاسی دەسەڵات بکرێ کە ئەو بوارەیان پێ دەبەخشێ) هەڵبەت خودی دەسەڵاتیش هەندێ جار لەو جۆرە بۆچوونانە جارس دەبێ و ڕای دەگەیەنێ کە قەڵەمەکان ئازادن و بابوێرانە کەموکوڕییەکانمان دیاری بکەن، کەچی دیسانیش گروپی یەکەم وای دەردەخەن کە مەبەست لەقەڵەمی ئازاد قەڵەمی ئەوانەو بەس.
ئەو گروپە نایانەوێ ئەو حەقیقەتە ڕەچاو بکەن، کە هەموو کۆمەڵگەیەک بۆ گەشەسەندن و پێشڤەچوون پێویستی بە گۆڕان و چاکسازیی هەیە، چونکە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێ (١٠٠ ٪) خۆی لە هەوکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری...تاد بپارێزێ و پێویستی بە ڕەخنەگر و ریفۆرمخواز هەیە، کە نەیەڵن ئەوهەوکردنە بەردەوام بێت و ببێتە شێرپەنجە، بۆیە دەکرێ بڵێین ڕەخنەگرانی ژیر و وریا (نەک ئەوانەش کە تەنها بەمەبەستی تانەلێدان و خۆ دەرخستن بەهەموو شتێک دەڵێن خراپ و تەنها نیوەی بەتاڵی پیاڵەکە دەبینن)، وەکو ئەندامی هەستکردنی دەسەڵاتن و دەمکوت کردنیان وەکو ئەوە وایە، چاو و گوێی دەسەڵات ببەستین و ئەوسا ناتوانێ کەموکوڕیەکانی خۆی ببینێ و ببیستێ و نەخۆشیەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەو دەکەن و دەبنە درێژخایەن و شێرپەنجە، کەواتە دەبێ دەسەڵات خۆی ئەو ڕێگەیە بدۆزێتەوەو ڕێگە لە ئازادی دەربڕین دانەخات، هەوڵیش بدات ڕەخنەی هوشیارانە لە کۆمەڵگادا پەرە پێبدات، ئەو کاتەش ئازادیی دەربڕین چەندە فراوان بێت، جێی مەترسی نابێت، چونکە وێڕای ئەوەی ڕەخنەی هوشیارانە هەمیشە ڕووبەڕووی ڕەخنەی نامەسئولانە و تانەلێدەرانە دەبێتەوە، بەڵام تا خەڵک زیاتر هەردووکیان ببینن، باشتر لێکیان جیادەکەنەوە و چاکتریش دەکەونە بەرکاریگەریی ڕەخنەی مەسئولانە و بۆ خودی دەسەڵاتیش دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکان ساناتر دەبێت، ئەو کاتە کەسانێکیش کە ڕەخنە لە پێناوی ناو دەرکردن و خۆ هێنانەپێش دەنووسن، لە ڕەخنەگرە ڕاستەقینەکان جیادەکرێنەوە، هەڵبەت نابێ هیچ کاردانەوەیەکی حکومەت لەسەر حسابی ئەو فەزایە بێت کە بۆ ئازادی دەربڕین هەیە، بۆیە گروپی یەکەمیش کە دەسەڵات لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبینن و تائێستا لەبەرامبەر هەر (ئایا)یەکدا ساوایی ئەزموون و ناکاملّی هۆشیاری دەکەنە بیانوو، دەبێ لەو ڕاستییە وەئاگابێن کە ئەو تێڕوانینەیان بۆ خۆی ئەو نەخۆشییەیەکە دەترسن حکومەت و ئەزموونی دەسەڵاتی کورد بتەزێنێ، بەڵام وەک دەگوترێ؛ شینی ئەوان بۆ سفرەی خۆیانە و بەکەسادبوونی بازاڕی زمان لووسی و پیاهەڵدان ئەوانیش بەڕەیان لەبەر پێ دەردێت، کەوابێ مادام مەشروعیەتی دەسەڵات لە ڕای سەرچاوە گرتوو لە ئیرادەی سەربەخۆی هاووڵاتیانەوە سەرچاوە بگرێ، دەبێ ئەوەش قبوڵ بکرێ کە ئازادی دەربڕین دیارییەک نییە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە هاووڵاتیان ببەخشرێ، چونکە خودی دەسەڵات زادەی ئەو خواستەیەکە لەلای هاووڵاتی بۆ دەربڕینی ئازادانەی ڕایەکەی هەیە و ئەوەی کە دەبێ دەسەڵات بیبەخشێ و مسۆگەری بکات ئازادیی دوای دەربڕینە.
بەو مانایەی کە کاتێ هاووڵاتیەک ڕەخنەیەک دەگرێ و ڕەخنەکەی لەیەکێک لە میدیاکاندا بڵاودەبێتەوە، کاردانەوەی دەسەڵات لەبەرامبەریدا چۆن دەبێت، بەتایبەتیش کاتێ دەسەڵات باوەڕی بە ئازادیی دەربڕین هێنابێ دەبێ باوەڕی بە ئازادیی دوای دەربڕینیش هەبێت، واتە ناکرێ فەزای ئازادیی دەربڕین هەبێت، کەچی ڕەخنەگرێک سزا بدرێت، بەو واتایەی دەسەڵات لەو حاڵەتەدا هەندێ سنوری بۆ ئەو ئازادییە داناوە بێ ئەوەی ڕایگەیاندبێ، چونکە ڕێگەدان بەدەربڕین و دواتر لێپێچانەوە و سزادان مانای ئەوەیە سنوورێک هەیە و لەلایەن دەربڕەوە بەزێنراوە، کەوابێ، مادام سنورەکان مەشروع بن (لانی کەم لە دیدی دەسەڵاتەوە) ئەی بۆ ئاشکرا نەبن، خودی دەسەڵاتیش ئەوە دەزانێ کە ڕەخنەگر نایەت هەمووشتێک بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو تەنها هەندێ کردەو حاڵەتی نێگەتیڤ دەخاتە ڕوو کە دەزانێ مانەوەیان زیانی بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و دەسەڵاتیش هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو ئازادییە مسۆگەر نەبێت چ ڕەخنەیەک دەخرێتەڕوو،؟ لە غیابی ئازادیی دوای دەربڕیندا ڕەخنە زۆر شەرمنانە دەبێت، چونکە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی سزا و دنیای بڤەو مەکە و نابێ و چاوسورکردنەوە، ڕەخنەگرە ڕاستەقینەکان دەخاتە لاوە و تەنها بوار بۆ پێچەوانەکانی دەمێنێتەوە، ئەو کاتە فەرمانبەرێک کە حاڵەتێکی گەندەڵی لە فەرمانگەکەیدا بەدی دەکات، ناوێرێ باسی بکات، چونکە سزای دەست پێ لەکارکێشانەوە و دەرکردن چاوەڕێی دەکات، ڕۆشنبیرێک ناوێرێ باسی کارێکی فلان بەرپرس بکات یەکسەر بە مادەیەکی قانونی مەحکوم دەکرێ، کەس ناوێرێ باسی ئەو پیاوە بکات کە لەسەردەمی ڕژێمدا کار بەدەست بووە، ئێستاش پلەیەکی ئیداری باشی هەیە و ریزە دوکانێک بە چەند ملیۆن دینار دەکرێ و، چەند پارچەزەویی گرانبەهای بۆ خۆی داناوە، کێ دەوێرێ باسی ئەو هەموو ئازارە بکات کە ڕۆژانە خەڵک لە هاتوچۆی فەرمانگەکاندا تووشی دەبن؟ زۆر پرسیاری دیکە لە نەبوونی ئازادیی دوای دەربڕیندا بێ وەڵام دەبن؛ بۆیە ئەوەی ئێستا پێویستە بکرێ، مسۆگەر کردنی ئازادیی دوای دەربڕینە و هەر کاتێک ئەوە کرا ڕەخنەی ڕاستەقینەش پێش دەکەوێ.